# زمان و رۆح

هۆشەنگ شێخ محەمەد




لێگەڕەدا مگن نامگەوێ وەلاَمگی هگیچ نووسگەر و خگگەمخۆر و بایەخدارانی زمگانی سگتانداردی گگوردی و نیشگتمانی بدەمگەوە بەقەد ئەوەی ئەمەوێ تەنیا لە روانگەی ئەزموونی خۆمەوە باس لە زمان و زاراوە کوردییەکان بکەم.
بۆ من زمان ئەزموونی تاکە کەسی خۆمە، بە تایبەتیش لە نووسین و لە قسەکردن لەگەڵ کەسەکاندا، من کە دەمێگگە بگە گگوردی قسە ئەکەم و ئەنووسم، یان ئەوەی وەك هەندێ گگەس و خگەڵك پێی ئەڵێن (سۆرانی و بادینی، یگان کرمگانجی ژێگروو و ژووروو یان سەروو و خوار) بۆ من ئەوە فۆڕمانە تەنیا و تگەنیا بایگەخییان لەوەهەیە کە دەربڕێکن بۆ زمانێك کە من ئگەتوانم پێگی بئگاخم و بنووسم و گفتۆگۆی لەگەڵ کەسەکان پێ بکەم.

زمان بۆ منپێش پێش ئەوەی ئامرازێك بێت بۆ لێکتێگەیشگتن و گەیاندنی مانا و هەقیقەتەکان من بەویدیگگە، یگان پگێش ئگەوەی وەرگرتنی هەقیقەت و مانا و بەها و باوەڕەکانی ئەویدیکە بێت، پێش ئەوەی زمگانی نووسگراوی فەرمانگگە و فەرمییگەکان بێگت، پێش ئەوەی شعر و رۆمان و رەخنە و چیرۆك و ئەدەبیات و سیاسەت بێت، پگێش هگەموو شگتێك زمگان: هگاوار و دەنگگی روحگی منگە بۆکەسەکان و خوێنەران و ئەو خەڵکانەی لەگەڵیان ئەکەومە گفتوگۆی نەرم و جوان و توند و تیژ و جۆراوجۆر.

زمان بۆ من دەنگی روح و مێشك و دەماغی منە، لەهەر فۆڕمێکدا بەهەر زاراوەیەك گەو لەحزەیگەدا برژێگت و تگەعبیر لگە مگن بگگات، هەرگیز پێم کێشە نەبووە بە چ زاراوەیەك و تەنانەت هەندێجار بە چ زمانێکیش دەرژێت؟! ئەوەش مانای ئەوە نیە من بایەخ بە جگوانی و بە مۆسیقا و بە ریتم و ئاهەنگەکانی وشەکان نادەم و جوانکاری و شیرینییەکانی پەیڤەکان ژبیر بکەم. نەخێر.. مەسەلەکە بەم شێوەیە نیە، بەلاَم من هەست ناکەم هەر وشەیەکی کوردی ، لە فۆڕمی هەر زاراوەیەکدا بێت لە فۆڕمی هەمان وشە لەزاراوەیەکی دیکەدا نزمتر و کرێتتر یان جوانتر و بڵندترە، بۆ من مەسەلەکە پەیوەندی بە (ئاستەکانەوە) نیە، بەقەد ئەوەی تەنیا پەیوەندی بە (جیاوازییەوە) هەیە.

ئەکرێت وشەیەك جیاوازییەکی لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا هەبێت و کاریگەریشی لەسەر روحەکان جیاواز بێگت، ئەمەشگیان لگە لایگەن هەرکەسێکە و کاریگەرییەکی جیاوازی ئەبێت، ناشکرێت رێ لەم کاریگەرییە جیاوازانە و رەنگینانە بگرین جگا لگە ژێگر ئگاوی هگەر مەسەلەیەك بێت، یان بە هۆکاری هەر پیرۆزییەك و ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقی و رۆشنبیری و فەرهەنگی و کولتوری و زمانەوانی و مرۆڤایەتییەوە بێت.

له کاتێکدا که دیاردەکانی جیهان و ژیان بەرەو نەمانی به سەنتەربوون و نەمانی حەکایەتی گەورە و وەدەنگهاتنی دەنگه پەراوێزەکان و خاڵه فەرامۆشکراوەکان ئەڕوات، له کاتێکدا که سستەمی مادییانەی کوردستانیش له هەموو ڕووێکەوە گەمارۆی گیانی مرۆڤی گگورد ئەدات و ئەیخاته ناو سەنتەرێکی دڵڕەق و بێ مینبەرکردنی مرۆڤەوە، لەم کاتەدا که دوو ئاراستەی جیاواز لگه جیهگان و لگه کوردسگتاندا ئێمه وەك تاك ڕووبەڕووی مەترسییەکانی نەمانی ڕوحانییەت و تاکایەتی ئێمه ئەکات، لەهەمان کاتیشدا ئەدەبیاتی کوردی له نێوان ئەو دوو تەوژمه جیاوازەدا کرانەوەی جیهان و داخستنی کوردستاندا، ئەدەبیاتی کوردیش خەریکه تووشی شیزۆفرینیا ئەبێت؟!

بۆ من زۆربەی ئەو قسانەی لەبارەی زمانەوە ئەکرێن به شێوەیەك پێشبەر ئگەکرێن وەك ئگەوەی پەیوەنگدی بگه ڕوحگی مرۆڤگەوە نگەبێت، بەڵکو مەسەلەکان تەنیا له ڕووە زمانەوانییەکە و فەرهەنگییەکە و ئایدیۆلۆژییەکە و سیاسییەکە و نەتەوەیەکەیگەوە تەماشگا ئگەکرێت. من ئەزانم کۆمەڵێ بابەت هەن که هەوڵ ئەدەن له ڕووی تیۆری و زانستی زمانەوە باسەکەن بێنه پێش، هەندێك هەوڵ ئەیانەوێ بەرێئاگه باس له زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کورد بکەن. بەڵام تا ئێستا نازانم ئەوانەی باس لەو باسانه ئەگگەن چگەند پەیوەنگدی نیگوان زمگانی کوردی و زاراوەکانی به تاکەکانەوە گرێداوەتەوە؟ چەند ئەکرێت ئێمگه ڕێ بگدەین هگەر تاکێکگه و لگه پەیوەنگدی ڕوحگی خۆیگەوە بگه زمانەوە قسه بکات؟!

زۆربەی ئەو باسانەی کراون، پەیوەندی زمان و ڕوحیان تێدا فەرامۆش کراوە، بۆیەشه مگن پگێم وایگه زمگانی سگتاندارد و یگەکگرتووی کورد و هەتا نووسینیش به ڕێنووسی لاتینی یان ئەلفبێی ئەرەبی یان به فۆڕمێکی دیکه، دیسانەوە پەیوەندی به ڕۆحی ئەوکەسەوە هەیه که ئەیوێت هاوارەکانی گیانی خۆی و ئەندێشه و خەون و خولیاکانی له فۆڕمێکی تایبەت به خۆی دەربڕێت.

ڕوح ڕەنگه تاکه سەرچاوەیەك بێت بۆ ئەوەی پەیوەنگدی بگه هەنگدێ وشگه و زاراوەی وەك ( بگن زاراوە و سگەرزاراوە و سەردەسگت و بندەست و ئاست بەرز و نزم و جوان و کرێت و هتد ) نەبێت. ئەو دەستەواژانه ڕەنگه بگۆ مگن وابێگت هەسگت بکگەم پەیوەنگدییان بگه ڕوحی منەوە نیه، وەك چۆنیش زاراوەکانی زمانناسیش له ڕووی فۆنەتیك و سیمانتیك و گرامەڕ و ڕەوانی و هەر زاراوەیگەکی دیگگەی تایبەت به میتۆدەکانی زانستی زمان و دەرهاویشتەی ئەو ڕێسایانەی لەهەر زمانێکدا هەن و ستراکچەرێکی تۆکمه و سنوورەکانی زمان دیارئەکەن ئاشنا نین به ڕۆحی من و هەمیشه ڕەنگه ڕوحم بیەوێت لەو قانونانەوە دەرچێت.

به کورتی زمان، ئەگەر تەعبیر له ڕوحی ئەو تاکه نەکات که پێی ئەدوێ و ئەنووسێ، ئگەوە بگا لگەرووی زانسگتی و میتۆدەگگانی زمگان و پێویستییەکانی نەتەوە و وڵات و جێبەجێکردنی ئەرکه نیشتمانییەکان و سیاسگییەکان و ئایگدیباکان بۆشگاییەکان پگڕ بکاتگەوە، بگەڵام ئەگەر ئەو زمانه نەیتوانی بۆشاییەکانی ڕۆحی من پڕبکاتەوە و من له قسەکردن و نووسین و دەربڕیندا ئازاد نەکات ئەی چی؟
زۆر بەکورتی ، ئەگەر زمان ئازادیم نەداتێ ، ئەی چیم بداتێ؟؟؟!!